(نزای : (اللَّهُمَّ كَمَا حَسَّنْت خَلْقِي فَحَسِّنْ خُلُقِي

له عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- (ئەم نزایەی) دەفەرموو: «(اللَّهُمَّ كَمَا حَسَّنْت خَلْقِي فَحَسِّنْ خُلُقِي)*». *(واتە: خودایە، چۆن ڕووکەشی لاشەمت بە جوانی دروستکردووە، ڕەوشتیشم بەهەمان شێوە جوان بکە)

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەروەکو چۆن خوای گەورە وێنەی ڕووکەشی دەرەوەی بە جوانی وڕێکی دروستکردووە پێویستە لەسەر مرۆڤ داوا لە خوای گەورە بکات وێنەی ناوەوەیشی لە دڵەوە جوان وڕێک بکات بە ڕەوشتە جوان وبەڕێزەکان بۆئەوەی مرۆڤبوونی کامڵ بێت وناخی پاک بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5491